
# زامەكانی ئەنفال (2) چاوپێكەوتن

**عەدالەت عومەر**

**چالاك لە بواری ئەنفال**



مام نوری پیرەمیردێكی رێدن سپی كە رەنجی رۆژگارجێگای لە سەر رۆخساری جێ هێشتووە یەكێكە لەم كەسانەی لە سەفەری مەرگ , لە ئەنفال گەراوەتەوە , مام نوری خۆی لەگەڵ هاوسەر و دووكچی ئەنفال كراوە و كورێكیشی لەگەڵ هاوسەر و منداڵەكانی ئەنفال كراوە ئەو وەك لە هەوییە احوال مەدنیەكەی نوسراوە لە دایك بوی 1942 گوندی جەلەمۆردی ناحیەی ئاغجلەلەری قەزای چەمچاڵە مام نوری ئیستا بە تەنیا لە پەیمانگەی تەكنیكی هەولێر هەم كار دەكات هەم لە ژۆرێك ژیان بە سەر دەبات جار بە جاریش سەردانی هێندێك لە خزم وكەس كاری لە هەولێر و بنەسڵاوە و ناوچەی چەمچەمال دەكات ئەو یەكێك بوو لەو كەسانەی وەك شایدعیان سەردانی وڵاتی عەمانی كردوە چاوی بە بریاردەری تایبەتی مافەكانی مرۆڤی نەتەوەیەكگرتووەكان كەوت و لەم دیدارەدا رۆلێكی بەر چاوی هەبوو بە سەر هاتی ئەم پیرە پیاوە بۆتە هەوینی چاوپێكەوتنی ئەم جارەمان.

پ \مام نوری دەكرێت بە سەر هاتی خۆتمان لە كارەساتی ئەنفال بۆ بگرییەوە

و\ خەلكی گوندكەی ئیمە و گوندەكانی دەوروپشتمان كە بە سەدان كەس دەبووین لە 18ی رەمەزانی ساڵی 1998 لە بەینی گوندی چوقلیجەو جەلەمۆردا شیوێك هەیە بەناوی شێوی بابەریشە خۆمان شاردبوەوە بەیانی كە لە خەو هەستاین سەیرمان كرد دەورمان گیراوە.ئاگریان لە دێیەكان بەردابوو. ئێمەشیان دایە بەر گوللە و زۆریان تەقەڵێ كردین سەرەڕای ئەوەی بریارماندا خۆمان تەسلیم بكەین دوو كەسیان شەهید كرد، بەناوی(احمد یاسین) و (رەشید قادر محمد) ئەوان هەردووكیان خەڵكی گوندەكەی ئیمە بوون،هەرا و بەزمێك بوو مەگەر خوا بزانێت بۆیە مجبور بووین مەتیەكانمان هەر لەوێ بەجێهێشت تەنانەت خزمەكانیشیان نەیان وێرا بگەرێنەوە سەر مەیتەكان ,ئیمە هەموومان دەست بەسەر كراین و یەكەم جار ئێمەیان بردەوە بۆ گوندەكەی خۆمان دێیەكەمان ئەسوتا هەر هەموو گوندەكان ئەسوتان بە جارێ دوكەڵێكی رەش بەری ئاسمانی گرتبوو، ئینجا زیلیان هێنا ئێمەیان سواری زیلەكان كرد و بردمانیان بۆ تەق تەق.سەعات و نیوێك لە تەق تەق رایان گرتین و دیسان سواری زیلیان كردین و بردیانین بۆ سەربازگەی تۆبزاوا هەوا تاریك ببوو كە گەیشتینە تۆبزاوە , مام نوری ئاخێك هەلدەكێشت و بەردوام دەبێت : كە گەیشتینە تۆبزاوا هەموومان برسی و تینو بووین زیرەی منداڵان دەگەیشتە ئاسمان لە سەعات 8 ی شەوەوە تا 12 ی شەو دەرگای سەیارەیان لێ نەكردینەوە، 12ی شەو ئەمن و استخبارات بە سۆندە و چەك دەوری سەیارەكانیان گرت ,چەند كورسیەكیان دانا بوو بۆ ناو نووسین یەكەم جار سەرۆكی خێزانیان بانگ دەكرد و دوای هەموو خیزانەكە بانگ دەكرا ناویان دەخوێندەوە و دەبوو هەموو خێزانەكە بچنەبەر دەستیان.هەر وجبەی ئیمە نزیكەی 500 كە دەبوین كە هەر هەموی خەڵكی گوندەكەی ئێمە بوون , توبزاوا جەمەی دەهات خەلكی تریشی لێ بوو لە پاش ئیمەش خەلكی تر دواتر هەموو خەلكیان كرد بە سێ بەش پیرەمێرد و پیرەژنەكان لەگەڵ ژن و منداڵی بچوك, ئافرەتی گەنج , كۆری گەنج ئەو شەو لە توبزاوا ماینەوە بەیانی زوو 12 سەیارەیان هێنا ئیمە تەنها بە ساڵاچووەكان بوین ئاگامان لە منداڵ و گەنجەكان نەما بوو نەمان دەزانی بەرو كوێمان دەبن .هەموو سەیارەكان قەپات و بێجام بون،لە ریگا دوو عارەبمان لێ پەیدابوو هاتنە ناو سەیارەكانەوەنەماندەزانی كوێیە هەتا سەربازێك ووتی ئیرە سەماوەیە وتیان هەر كەسێ چەقۆ، پارە، ئاڵتون، جنسیە و تەنانەت موكێشیش.... هتد. پێ بێت لە پێشەوە سەیتەرە هەیە هەر لەوێ رەمی دەكرێت جانتایەكی هێنا ووتی ئەو شتانەی پێتانە بیكەنە ناو ئەو جانتایەوە بەڵكو بە سەلامەتی نەجاتتان بێت. هەرچیەكمان پێ بوو هیچ چارەمان نەما لە پارەو ئاڵتون و شتی تر هەموومان كردە ناو ئەو جانتایەوە پاش ماوەیەك گەیشتینە جێكاتێ دایان بەزاندین زانیمان نۆگرە سەلمانە خەریك بوو رۆژ ئاوابێ، بە سایەقەكەمان ووت شتەكانمان

بدەنەوە سایەقەکان وتیان ئەو دووکەسەی لە سەماوە هاتۆتە سەر ڕێمان چەکیان پێبووە، نەمان دەتوانی سەیارەکان ڕانەگرین ئینجا زانیمان ئەمە فێڵێکە لە بەینی سایەقەکان و ئەو دوو کەسەی شتەکانیان لێ سەندین شتەکانیشمان هیچی بۆ دەرنەچوو.

پ \ نوگرەسەلمان چوون بوو تۆ خۆت چۆن نوگرە سەلمان بە ئیمە دەناسێنی؟

و \ نوگرە سەلمان دۆزخێك بوو دەگووت ڕۆژی حشرە لە نوگرە سەلمان زۆرمان برسی و تینوو بوو چونکە لەماوەی شەو ڕۆژێکدا هیچیان نەداینێ، کابرایەك (حمە صدقی) ناوو بوو خەڵکی (دارەختیار) بوو هاواری کرد ووتی نانمان بەنێ وا لەبرسا مردین هاتن زۆریان لێدا بەس لەبەر ئەوەی داوای نان و ئاوی کرد،سجنی نوگرەسەلمان زۆر ناخۆش بوو قاعەکان زۆر پیس بوون، لە سەر قاپیەکانی نوسرا بوو(ویل)ژن و پیاو بە سەدان کەس زیاتر لە قاعەکاندا بوون. لە سەر لاتەنیشت ئەخەوتین، جێگای خەوتنمان نەبوو ژەمی سەمونێکی گەنمەشامی لەگەڵ یەك تۆز ئاودا ئەوشەش مانگە دەممان لە هیچ چێشتێك نەدا، نە میوە نە هیچ شتێك جگە لەو سەمون و ئاوە سێ مانگ بوو گیرا بوین وتیان شوتیتان بۆ دێنین ناردیان بۆ سەماوە بۆ شوتی، شوتیان هێنا هەر قاعەو دوو کەسیان بانگ کرد تاکو تەوزیعی بکەن بە سەرماندا، شەو ڕۆژێك ئەو پیاوانەیان هیناو برد، شوتیەکان بۆگەنیان کردبوو، یەکی قاژێکیان داینێ زۆر کەس هەر نەی خوارد فرێیان دا منیش فرێم دا زۆر پیس بوو. نیوەرۆیان ئەیان هێناینە دەرەوە بۆ بەر خۆرەکە سەعات و نیوێك لەو بەر خۆرە گەرمە دەبو سەیری خۆرەکە بکەین ئەوەی تەماشای نەکردایە لێیان ئەدا،ئەوە تەعزیبێکی زۆر قورس بوو بۆ ئیمە چونکە تەمووز بوو گەرمایەکی زۆر بەتین بوو. ئێمەش ئەو تاقەتەمان نەمابوو، خەڵك هەبوو ئەبورایەوە هەبوو لەو تەعزیبدانەدا دەمرد و ئیمەش هەر بە مەیتی دەمانبردنە ژوورەوە. جار هەبوو شەو ڕۆژێك ئەو مەیتە دەمایەوە و بۆگەن دەبوو دوایش هەر بە ئیمەیان دەناشت شەش کەسیان ئیزن دەدا بۆ ناشتنی جەنازەیەك،لە وانەی کە مردن ئافرەتێك بوو ناوی (فاتمە محمد) کە ئامۆزای خێزانەکەی من بوو خەڵکی گوندی (تورکمان باخ) بوو، چوو لە وحەشەکەدا ئاو بهێنێت تەنکەرێکیان دانا بوو هەر تا دەستی برد بۆ ئاوەکە شورتەیەك بە هەموو تینی خۆی شیشێکی کێشا بوو بە پشتیدا و تا هێنامانە ژورەوە مرد. هەر خەڵکی گوندەکەی ئیمە نزیکەی10 کەس مردن. ئینجا ئەوەی داوای نان یان ئاوی بکردایە یان لە سەمون تەوزیع کردندا دەیان گرت و سەرەوخوار دەیان کرد بەداردا و پەڕۆیان لە بەر لوتیدا دەسوتاند.

پاش چوار مانگ لە نۆگرە سەلمان نەخۆشەیەکی تێکەوت شەو وا هەبوو (30– 40)کەس دەمرد. هەموو ئەوانەی دەمردن لەشیان ڕەش دەبوو ڕەق دەبون بە جۆرێك باریك بەنیس دەبوون کەس نەیدەناسینەوە، هەموشی لەبەر پیسی و بێ خواردنی بوو، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا یەك کەس خۆی نەشۆری.

مام نوری بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ووتی ئەو کەسانەی کە بەو نەخۆشیە دەمردن دوو عەرەبانەی شکاوی لێ بوو،عەرەبانەی دەستی یەك تایە بەیانیان کە هەڵدەستاین جار هەبوو 6 مەیتیان تێدەکرد, زۆر جارمەیتەکان بەردەبونەوە، خاکە نازێك و باڵتەیەکی شکاومان لا بوو خۆڵەکەش زۆر ڕەق بوو هەڵنەدەکەندرا ئەوە ناشتن نەبوو، فڕێدان بوو، چونکە تۆزێك خۆڵمان دەکرد بە سەریاندا و دوای ئێمە سەگ مەیتەکانی دەخوارد. چونکە سەگی بەرەڵای زۆر لێ بوو ئیمە زۆرمان بە سەر هات چەندی بڵێم هەر کەمە ,مام نوری لە کاتی گیرانەوەی بە سەر هاتی خۆی چەند جارێك ناوی عەجاجی هێنا لێم پرسی مام نوری عەجاج کێ بوو ؟ ووتی مدیری سجنەکە ناوی (عەجاج)بوو ووتم بەڵام ئەوندەی من بزانم ئەو کەسە عایدی ئەمن و ئیستخبارات بوو ناویشی عبداللە بارقە بەڵام لە بەر دڵرقی ئەو ناز ناوەیان داوەتە ووتی نازانم بەڵام هەرچی ئەمر و ئەشکنجە دان و شتی خراپ بوو لە لای ئەو دەر دەچووبۆیە پیم وایە مدیری سجنەکە بوو ئەو هەر بە دەستی خۆی لە بەر چاوی ئیمە حەوت کەسی بەدار کوشت , تۆش وەك خۆشکمی ئەو سووکایەتی بە ئافرەتەکان دەکرد و ئەو ئافرەتانەی سکیان هەبا بە سۆندە لە سکی دەدا دەیگوت ئەوانە کوردن نابێ بێمێنن هەرچ دەکرا بە ئەمری ئەو بوو. ووتم مام نوری لە بارەی ئافرەتەکان چە دەزانی چییان لێدەکردن ووتی عەدالەت هەر ئافرەتێکیان بانگ دەکرد ئەگەر هاتەباوە ناو قاعەکە کزو مات دەبوو ئەگەر نەهاتباوە ئەوە کەس نەی دەزانی چییان لێ بە سەر دەهات پرسیم ئەی ئافرەتەکان هیچیان نەدەووت ووتی نا بەس خۆ ئیمە گێل نەبووین دەمانزانی بەڵام دەسەلاتمان نەبوو ئەی هاوار چیمان کردەبا بە خوا قەت لە بیرم ناچیتەوە ئەی ئەو هەموو کچ و کۆر گەنجەیان چی لێ کرد بۆ کویان بردن.

ئـەی دواتـر بۆمـان بـاس بکـە ؟ دواتـریش شـەوێك سـەعات 12ی شـەو عـەجاج ووتـی وەرنـەدەرەوە وامـان زانـی ئێـوەش وەك بارزانیەکان ئێرە دەبێتە قەبرتان بەڵام ئیوە بەردەبن تا ئەو کاتە نـەمان دەزانـی بارزانیـەکان نـەماون یـانی دەمـانزانی گـیراوەن بەڵام نەماندەزانی نەماوەن ، کە عەجاج ئەو قسەیەی کرد، ئیتر زانیمان کە بارزانیەکان هەموویان تیـا چـوون ترسـێکی زۆر کەوتـە دڵمان گونمان بە خوا ئیمەش وەکـو ئـەوانمان بـە سـەر دێـت ئەوانـە درۆمـان لەگەڵدەکـەن کـەس بـاوەڕی پێیـان نـەبوو، چـونکە خەڵکەکە ووتیان دەمانکەنە ناو بەحرەوە.ئـیتر دەسـتیان کردبـە لێـدانمان ئـیتر بـە سـۆندە و دار و شـیش زۆریـان لێـداین، کـەس نەدەچوو لەگەڵیاندا و بردیاینەوە ژورێ، هەمووی جێێ گۆڕا کەس جێێ خۆی نەدۆزیەوە دواتر هاتنەوە ووتیان (500) کـەسمان دەوێت دەیان بەینەوە بۆ سلێمانی بەرتان دەدەین، کەس باوەری نەبوو خەڵك خۆی دەشاردەوە. هاتنە ناو قاعەکان بە سۆندە و دار وجبەیەکی (500) کەسیان تەواو کرد و رەوانەی سلێمانیان کردن. ئیتر زانیمـان کـە ئەوانـەی رۆیـشتن بـەربوون، ئـەمجارەیان کەسەیارەکان هاتنەوە خەڵکەکە هەمووی هجومی کرد بۆ ناو سەیارەکان کەس لەسەر کەس نەدەوستا. خەریك بوو قاپی حەوشەی سجن بشکێت بە لێدان کەوتنە ناوخەڵکەکە (7) حەوت کەسیان بە لێدان کوشت خەڵك بەسەر مەیتەکاندا محاوەلـەی ئـەکرد بگاتـە لای سەیارەکان، ئێمە ئاخر قافڵە بووین و سواری سەیارەیان کردین ساعەت 12ی شەو بوو بردیانین بۆ سەماوە هـەمووومان چـڵکن و ریشمان هاتبوو، لە سەماوە وتیان ئەبێ خۆتان بشۆن، هەموومان بە زۆر خۆمان شۆری کۆیان کردینەوە لـە سـاحەیەکدا ووتیـان ئیوە تەعزیبی زۆرتان دیت هەر کەس لە هەر کوێ باسی بکات، بێ یەك ودوو ئیعدام دەکرێت بێ مەحکەمە

چونکە زۆر لە سەر حکومەت دەکەوێت ئەگەر ئەوەی بەسەرتان هاتووە باسی بکەن، دەبی بڵێن حکومەت بۆ ئێمە زۆر باش بـووە، خزمەتی کردوین هەر لەبەر ئەوەش ووتیان خۆتان بشۆن بـۆ ئـەوەی خـەڵك بـەو شـێوە پیـسە نـەمان بیـنن، لـە سـەماوە 3 شـەوماینەوە خواردنیان داینە پاش سێ رۆژ ساعات2ی پاش نیوەڕۆ، سواری سەیارەیان کردین، هەر هەمان ئەو سەیارانەی کـە پیـشتر ئێمەیان بۆ نوگرە سەلمان پێ بردبوو. شەو هاتینەوە بۆ تۆبزاوە هەر ئەو جێگایە ناو نوسیان کردین و لە یەکتری جیایان کردین لە قاعەیەکدا دایان نـاین بـەیانی بـەزیل باریـان کـردین بـۆ سـلێمانی ئینجـا شـارەکانمان بینـی چـونکە زیلـەکان سـەریان بـەتاڵ بـوو کەگەیشتینە سلێمانی لەوێ خەڵك لێیان ئەپرسین کوا کوڕەکانتان کوا کچەکانتان ترسێکی گـەورە کەوتـە دڵمـان ئێمـەش ووتمـان ئەی لێرەنین، ووتیان نەخێرجگە لەم چەند وجبەیەی ئیوە کەسی ترلە وانەی گیرابوون ئەنفال کرابوون بەرنـەبوون نـە منـداڵ و نـە کچ و کوڕ و نە پیاوی گەنج. یانی لە سەماوە درۆیان لەگەڵ کردین ووتیان کوڕ و کچەکانتان وا لە سلێمانین لای شێخ جەعفەرن کـە ئەوسا پارێزگاری سلێمانی بوو، وا خەریکی مزاهەرەن داوای ئێوە دەکەن ئیوەش لە بەر خاتری ئەوان بەر بوون حکومەت بەقسەی کردوون , ئینجا دواتر هێنایانین بـۆ چەمـچەماڵ لـە رێگـا هـەر دوعـام دەکـرد کـە ئـەم شـتانەی گـویم لێ بـووە درۆ بێـت و کـور و کچەکانمان گەرابنەوە هەر لەم فیکرانە دابووم ووتیان گەیشتینە چەمچەماڵ داینبزاندین بەبێ ئـەوی یـەك فلـسمان پێبێـت و بـەڵام هیوایەتێك لە دڵمان بوو ئەویش دیتنی دووبارەی کـەس وکارمـان وگەرانـەوە بـۆ کوردسـتان بـوو, پێیـان ووتـین هـەر کەسێك لـە جاددەی قیر لابدات و بچێتەوە بۆ لادێ ئیعدام دەکرێت، ئەوەی خزم و کەسی هەبوو چووە ماڵی خزم و کەس و کاری خۆی ئەوەی کەسیشی نەبوو لەسەر جادە مایەوە، خەڵك بە خێری خۆی ئەیان بردنەوە بۆ ماڵ و جێگا و خواردنیان ئەداپێیان، منیش چوم بۆ لای برایەکم ماڵی لە تەیناڵ بوو کە گەیشتمە ماڵی براکەم ئەو کاتە زانیم سەرم چوو ماڵیشم چوو , ئیستاش وا دەبینـی شـکات لـە سەدام دەکەم مام نوری باسی ژیانی پاش ئەنفالی بۆ کردم باسی ئەو هەموو نەهامەتی و دەربـەدری خـۆی کـە چـوون هـەر رۆژ لـە جێگایەك بووە کە ویژدانی هیچ مرۆڤێك تەحەمۆلی ناکات لە کۆتایی دەلێم مام نـوری هیوایـەتت چـیە ؟ بـە ئـاخێکی بلنـد دەلێـت هیوایەت ...هیوایەتم ئەوەیە لە دادگای سەدام ئامادە بم چاو لە چاوی سەدامم بڕیبا و پرسـیارم لێ کردەبـا بـە چـەگوناهێك وات لێ ئیمە کرد و مناڵەکانم چییان بەسەر هات کورکانمان کچەکانمان لە کوێن، هیوایەتم ئەوەیە لە گۆرنانی سەدام بێبینم........

**ئوتێلی خانزاد -هەولێر** 2005\5\7